# سایکۆلۆژیای توندوتیژی

دەروونناس سامان سیوەیلی

ئەگــەر بەخێرایــی ئاوڕێــك لەمێــژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە مەحاڵە ســاتە وەختێك لەژیانی مرۆڤایەتیــدا بدۆزینەوە کە تیایدا توندوتیــژی بەکارنەهێنرابێــت، مێــژوو پێمان دەڵێت لەپێش پێنج هەزار ســاڵ پێش ئێستاوە هەتاکو ئەم ســاتەوەختەمان پتر لە پێنج هەزار جەنگ و کۆدەتا و شــۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان و شــەڕی ناوخۆی وڵاتان و ململانێی خوێناوی ڕوویانداوە، سیناریست و دەرهێنــەر و ئەکتەرەکانــی ئەم جەنگ و ململانــێ خوێناویانە ئــەو بوونەوەرانەن کە پێیــان دەگوترێــت مرۆڤ، شــانۆی ئەم جەنگانــەش کۆمەڵگەکانــی مرۆڤایەتی بووە. ئەگەر لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە لەتوندوتیــژی بڕوانین ئەوا هــەر لەگەڵ کەوتنــەوەی یەکەم نــەوەی (ئادەم و حەوا) دا توندوتیژی لەدایکبوو، ئەویش کوشــتنی (هابیــل) بوو لەلایەن (قابیــل)ی برایەوە.
بەدرێژایــی قۆناغــە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی مــرۆڤ هەمیشــە لەهەوڵی داهێنەرانەی خۆی بۆ هۆکارەکانی کوشــتن و کاولــکاری و بەکارهێنانــی توندوتیژی غافڵ نەبووە، لەدوای شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا لەسەردەمێکی وەکو ئێســتادا داهێنانەکانــی مرۆڤەکان بۆ ئامرازەکانــی کوشــتن و کاولــکاری زۆر گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە دیوە.
ئەگەر ئەو ڕاســتییانە لەسەر ئاستی گەلان و پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان و گروپ و تاقمەکانــی نــاو یەك وڵاتدا ئاشــکرا و ڕوون بن، ئەوا لەســەر ئاســتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانیش بەهەمان شــێوەیە، تــاك بەکارهێنــەری توندوتیژی جۆراوجۆرە یان فیزیکــی یان دەروونی یان هەردووکیــان پێکەوە، یان ئاڕاســتەی بەرامبەر و دەوروبەری خۆی دەکات، یان ئاڕاســتەی خــۆی دەکات (وەك لە خۆکوژیدا بەرجەستە دەبێــت). لەکۆمەڵگــەی ئێمەدا زیاتــر توندوتیژییە فیزیکییــەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی دەروونــی پانتاییەکی گــەورەی لەژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە.
لەم ڕۆژگارەی ئێستا مەحاڵە شەو و ڕۆژێك بەســەرماندا تێپەڕێت ئەگەر هەواڵی چەند حاڵەتێکــی توندوتیــژی تێدا نەبیســتین. بــواری ئایینداری (بزووتنەوە ئیســلامییە توندڕەوەکان) و پەروەردە و خێزان و سیاسەت و ...تد، تێکڕا تیایاندا توندوتیژی ئەســپی خۆی تاوداوە.
دەروونناسی ئەمەریکی بەناوبانگ (سکێنەر) دەڵێت: توندتوتژی لەهزرەوە سەرچاوە دەگرێت پاشان دەبێتە ڕەفتار (زارەکی یان جووڵەیی)، کەواتــە هــزری توندوتیــژ بەرهەمهێنی توندوتیژییە، هەروەکو چۆن لەپشت تیرۆرەوە هزری تیرۆریســت ئامادەیە، لەپشت هەموو ڕەفتارێکــی توندتیژییەوە هزرێکی توندتیژ ئامادەیە، کەواتە گرفتەکە لە سەرچاوەکەدایە کە (بیر)ی مرۆڤە، باوەڕبوونە بەتوندتیژی، نەك لەخــودی ڕەفتارەکەدا کە دەرئەنجامی (بیروباوەڕ)ەکەیە.
زۆر بەسانایی لەدیرۆکی مرۆڤایەتیدا سەدان و هەزار و بگرە ملیۆنەها پاڵەوانی کوشــتن و بڕیــن و کاولــکاری دەدۆزینــەوە، بەڵام زۆر بەدەگمــەن نموونــەی وەك (گاندی) دەدۆزینەوە.
دەکرێت توندوتیژی بەبەشــێکی دانەبڕاوی سروشــت و پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ دابنرێت، تێنەگەیشــتنی تەواو لەچەمکی توندوتیــژی وایکــردووە تەنهــا ڕووداوە خوێناویەکان خوێندنــەوەی بۆ بکرێت، دەنا توندوتیژی خۆی لەچەندین فۆرمی تردا نمایش دەکات، بۆ نموونە، دیــاردەی خەتەنەکردنی کچــان بەفۆرمێکی تو ند و تیــژ ی دادەنرێــت کــە بەرامبەر ڕەگەزی مێینەبەڕێوەدەچێت، بــەڵام لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانــدا وەك بەجێهێنانــی



سوننەتێك لێیدەڕوانرێت. ناپاکیی هاوسەریی هـەر لایەنێك لە هاوسـەران ئەنجامی بدەن بەتوندوتیـژی دادەنرێـت دژی بەرامبەر، بەڵام لەکۆمەڵگـە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەك لادانێکـی کۆمەڵایەتـی دادەنرێـت نەك توندوتیـژی، خۆبەدوورگرتن لەئەنجامدانی پرۆسەی سێکسـیی هەر لایەنێکی ژیانی هاوسـەریی پێی هەسـتێت بەهەمان شێوە بـە توندوتیـژی دادەنرێـت. جیـاکاری لەنێـوان منداڵاندا لەلایـەن دایك و باوکانە بەتوندوتیژی هەژمـار دەکرێت. جیاکاری لەنێوان فەرمانبەراندا لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە بەبێئەوەی لەسـەر بنەمای دڵسـۆزی بۆ کار و پابەند بوون بە دیسـپلینەکانەوە بێت، بەتوندوتیژی دادەنرێـت، تەنگپێهەڵچنینی کچـان لەڕێگاوبانەکانـدا لەلایەن کوڕانەوە بەتوندوتیژی دادەنرێت. ئاڵوودەبوون لەسـەر ئەلکهول و مادەهۆشبەرەکانی تر بەتوندتیژی دادەنرێت کە تاك ئاڕاسـتەی خود دەکرێت، ئـەم هەڵوێسـتانە و چەندانی تـر ڕۆژانە پیایاندا گوزەر دەکەین بێئەوەی هەڵوەسـتە لەسەر ناواخنە توندوتیژییەکانیان بکەین.

کەسـانی توندوتیـژ کەسـانێکن لەڕووی سـۆزدارییەوە سـاردن، لەڕووی بەزەییەوە دڵڕەقـن، لـەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێباکـن، دەمارگیـرن بـۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان، سەرسـەختن لە مامەڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، زۆر بەکەمـی خوێندنـەوە بـۆ ئاییندەی ڕەفتارەکانیـان دەکەن. کەسـانی توندتیژ ویژدانیان دووچاری هەڵاوسـان بووە، ئینجا ئەم هەڵاوسـانە دەرەنجامی پەروەردەیەکی چەوتی خێزانی بێت یاخود لەڕێی شتنەوەی مێشـکەوە بێت کە ئایدیۆلۆژیایەك یان تاقم و گـروپ و حزبێك کاری لەسـەر بکەن و تاك لە بەها مرۆییەکان بشـۆنەوە. کەسانی ناتوندوتیژ لێبوردە نین، لێبوردەیی بە لاوازی و بەزیـن دەبینن. ئەگـەر بەرامبەر داوای لێبوردنیان لێبکات ئەوا پەسـەندکردنی ئەو داوایە بەبەزین دادەنێن، خۆشـیان ئامادەنین داوای لێبوردن بکـەن چونکە باوەڕیان وایە کـە لاوازی خۆیـان نیشـان دەدەن، ئەمە لەکاتێکدا پرەنسیپەکانی دەروندروستی پێمان دەڵێت، یەکێك لە خەسـڵەتەکانی کەسـانی دەروندروست بریتییە لەلێبوردەیی. کەسانی ناتوندتیژ لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەك یان توندتیژییەکی کاتی هەسـت بەپەشیمانی دەکەن و تووشـی ئـازاری ویژدانیان دەبن، بەڵام کەسانی توندوتیژ هەست بەپەشیمانی ناکەن و ئـازاری ویژدانیان تـووش نابێت، چونکـە لەبنەڕەتدا ویژدانیان وەك پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی نەخۆشە.

خوێندنەوەی تاکـی توندوتیژ بۆ چەمکی (خێر و شـەڕ)، (چاکـە و خراپە)، (ڕەش و سـپی)، هەمـان خوێندنەوەی کەسـە ناتوندوتیژەکان نییە، ئەوەی خوێندنەوە دەکات بۆ ئـەم چەمکانە و ڕۆڵی دادوەر دەگێڕێت بریتییە لـە ویژدانی مـرۆڤ، کەبەپێی بۆچوونەکانـی دەروونناسـی بەناوبانگ (سیگمۆند فرۆید) ناودەبرێت بە (خۆمەکی باڵا)، بەبۆچوونی ئـەم زانایە مرۆڤ دوو ڕەمەکـی هەیە یەکەمیـان ڕەمەکی ژیان دۆسـتی و بنیاتنانە کە بە (ئیرۆس) ناوی دەبـات، دووەمیان ڕەمەکی (سـاناتۆس) ە کە پاڵ بەمرۆڤـەوە دەنێت بۆ وێرانکاری و توندوتیـژی، هەرکاتێـك ڕەمەکی دووەم زاڵ بێت لەسـەر ڕەمەکـی یەکەم ئەوا تاك تاکێکی توندوتیـژ دەردەچێت. جگە لەمانە دەکرێـت خێزان و ژینگـە و بیروباوەڕێکی دیاریکـراو و بۆمـاوە و بوونـی هەندێ نەخۆشـی، ببنە فاکتەری دروسـتبوونی توندوتیـژی. لەزۆربەی حاڵەتەکانی ژیانی ئاسـایی تاکەکاندا شکسـت لەهەڵوێستیە جیاجیاکانـدا و بوونـی بەربەسـت لەنێوان مرۆڤ و ئامانجەکانیدا گەورەترین هاندەرن بۆ توندوتیژبوونی ڕەفتاری مرۆڤ.

(توندوتیژی، شـەڕەنگێزی دەخاتەوە) ئەمە ئەو پرەنسـیپەیە کە دەروونناسان و قوتابخانە دەروونییـەکان لەسـەری کۆکـن، کەواتە بۆئەوەی بتوانین کار لەسەر دروستبوونی نەوەیەکـی ناتوندتیـژ بکەیـن دەبێت فەزایەکـی ناتوندوتیـژ بخولقێنین، چ لەسەر ئاستی خێزان، چ لەسەر ئاستی قوتابخانە و کۆمەڵگەدا. بۆئەوەی بەر بەتوندتیژییەکانـی نـاو کۆمەڵگەش بگیرێت دەبێت یاسـا وەك دەرمانێکی کاریگـەر ڕۆڵـی خـۆی بگێڕێت لەکەمکردنەوەی ئـەم پەتا دەروونییە کۆمەڵایەتییەدا.

دەبێـت کۆمەڵگـە ڕەتـی هـەر ئایدیۆلۆژیایەك بکاتەوە کە بەرهەمهێن و هاندەری توندوتیژی بێت، یان تاکەکانی کۆمەڵگە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ببات، دەبێت تۆوی یەکتر قبوڵکردن و لێبوردەیی لەناخی منداڵانی کورددا بچێنین، پرۆگرامەکانی خوێندن بەو ئاڕاستەیە کار بکەن، میدیای کوردی بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و هەڵوێسـتە جیاجیاکاندا بکات تاکو نەبنە فاکتەرێك بۆ بزواندنی هەستی شەڕەنگێزی و تاودان بە توندوتیژی.



چیرۆکی رۆژنامەنووسیی

نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی

تایبەتە بە(گوڵان وکوردستانی نوێ)

# ئەو دەنگە!

نازانم،
کـــە
بە تە نیـــا
لەسەر جێگاکەی
بەجەستەی شەکەتەوە
درێژی دەکـــەن، ئاخۆ
دەچێتەوە بۆ کام رۆژگاری
ژیانی پڕ لـــە رووداو و تاڵی
وشیرینی. یان لەگەڵ کام یەك لە
یارو یاوەرانی دەســـت لەملی ژوانێك
دەکەنەوەو رازونیازیان بەیەکتر دەگەێنن؟
بەڵام لەوە دڵنیام مێشـــکە ماندووەکەی بۆ ســـاتێك ئۆقرە ناگرێ و فیلمی یادو یادەوەرییەکانـــی بـــە بەرچاوانیدا دێن و دەڕۆن..

ماموســـتا دلێر، لەهەرەتی گەنجێتی و چالاکییە بێ کۆتاییەکانیدا، سەردەمانێ لە کەرکوك دڵـــی گەرمی وەك ئاگری بابەگوڕگوڕ نێڵەنێڵی بـــوو، بۆ لاوانی ئەو ســـەردەمە مامۆســـتاو هۆگر بوو، پارچەیەك بوو لەپەرۆشی..

لەودەمەوە ئاوێزانی شیعر و ئاواز بوو بوو، کە دەچووەوە (کۆیە)ی زێدی باوباپیران، بەجارێ لەنێو ئاوازەکانی تایەر تۆفیق و سێوەدا دەتوایەوەو خۆیشی رەنگی ســـروود و گۆرانیی گرتبوو..

هەر زوو بووە دەنگی زوڵاڵ و کاراکتەری ســـەرەکیی نێو کۆڕی تێکۆشـــان و بە سروودەکانی ســـوێی دڵە پڕ لەزامەکانی سارێژ دەکرد..

لەشۆڕشـــدا، دەنگـــی ئـــەو لـــە چیا سەرکەشـــەکاندا دەنگـــی دەدایـــەوە و شیعری ئەو بووبووە ئارامبەخشی رۆحی میللەتپەروەران..

کاتێ حەفتاوشەش، جەستەی موبارەکی برا شەهیدەکەی گەیشتەوە ژێر سێبەری هەیبەت ســـوڵتان، لەبری هەڵڕشـــتنی فرمێسکی گەرمی، بەئاوازێکی یەکجار بەســـۆز پێشـــوازیی لـــە (نازدارەکەی کۆیە) کردو ئیـــدی دەنگی هەڵقوڵینی ئەو کانییـــە جوان و بێگـــەردە بەردەوام بیرومێشکی لاوانی ئاودەداو بووە مایەی زیندەگانیی..

مامۆســـتا هەرخۆی دلێر بوو، لە کۆڕی ماتەمـــی ئازیزانـــدا براو لـــە هەواڵی بێسەروشـــوێناندا پرســـیار و لە شـــەوە نوتەکەکاندا چرا بوو، چرایەکی گەش.

ســـاڵانێکە ئەو شـــیعرە بەســـۆزە، ئەو چیرۆکە درێژە، ئە ودەنگە ئەفسووناوییە لەژێر تاشـــەبەردی ناساغیدا دەناڵێنێ و ئـــەو دووچاوە پڕ لەبریســـکەیەی جاران خامۆشن..

هەر کەئاشـــناو رۆشنایانی دەچنە لای،



بەدڵی پڕ لەسوێ و چاوی تەڕەوە تەماشای دەکەن و دەبینن ئەو(نەوروز) ە شەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکات. هەر کاتێ یەکێك لەخۆشەویستانی بناسێتەوە ئەوا لای جگەرسۆزەکانی دەبێتە شادی و هەرا، دەزانن کە (باواجی) هێشتا هەر دەستلەملی ژیانەو مەرگ لە ئۆیەی نایەت.

وەك زۆرجاری دی، بەدیتنی شادبووینەوە، من و (هاورێ)ی گیانی بەگیانیی ئەو، لەگەڵ (عەول)ی (چەهچەهەی بولبول) دا چووینە خزمەتی، مەبەست جەژنە پیرۆزەو هەواڵ پرسینی دڵە گەورەکەی و مێشکە ماندووەکەی و دەست و پەنجەی زێڕینی بوو..

ئەو، بەر لە راپەڕین فرمێسکی بۆ (هاورێ) دەڕشت کە لەزینداندا ئازار دەدرا، دوای راپەڕینیش زوو زوو سۆراغی هاورێ هونەرمەندەکەی دەکرد. وا هەرسێمان پێکەوە لەمامۆستا دەڕوانین.. زۆرمان کردو زۆرمان کۆشا هیچ کاممانی نەناسیەوە. لەپڕێکدا بەعەولی هاورێمم وت، ئادەی با نەورۆزەکەی خۆی بۆ بڵێینەوە.

(ساڵێکی تریش وا داهاتەوە. رۆژی نەورۆزی کورد هەڵاتەوە)..

بینیمان چاوە ماندووەکانی گەشتربوونەوەو پڕبوون لە بریسك و هوڕ، گۆنای گەشایەوەو زەردەخەنە چووەوە سەرلێوانی..

دەنگ لەسینەوە دەرهات و کەوتە وتنەوەی سروودەکەی، ئێمەش، لەگەڵ خۆشحاڵیمان بەو دیمەنە، هاوکات دڵگەرمیمان بۆی، بە دەم رشتنی ئەسرینەوە بەردەوام بووین..

عەول تێیچریکاندو پڕ بەژوورەکە دەنگی لێ هەڵبڕی:

**چەهچەهەی بولبول عەزیزم، ئاهوزاری پێویە**
**هەلهەلەی عەرعەر لە عیشقا، دەردی کاری پێویە**
**نێرگزی شەهلا ئەلەرزێ، عیشوە کاری پێویە**
**دولبەرا ئەمڕۆ نەسیم، بۆنی بەهاری پێویە**
**گوڵ شکۆفەی کردوە، خونچەی بەهاری پێویە..**

مامۆستا هەموو هەستەکانی لە چاو و گوێیەکانیدا راگرتبوو، چاوی نەدەتروکاندو بریبوونیە عەول، لەبەرخۆیەوە وتی (لەو دەنگە)، چاوەکانی گەشتر دەبوونەوە. داوای لێکرد بەردەوام بێ، ئەویش بەدەم قوڵپی گریانەوە هەردوو دەستەکانی مامۆستای نا بەچاوانییەوەو لەسەر سۆزی خۆی بەردەوام بوو..

یادەوەرییەکانی مامۆستا بوونە قسەی سەرزاری و توند دەستی عەولی گرت و وتی:

-لەبیرمە دوای راپەڕین بۆ سەفەری هەندەران ئامێری عودەکەتت فرۆشت. ئای کەخەمم خوارد..

عەول وتی:

-راستە دەفەرمووێت، پارەم نەبوو بۆ سەفەر، گەلێ شتی خۆمم فرۆشت، خەمت نەبێ، ئێستا دوو عودی زۆرباشم هەیە..

ئێمە بۆ حاڵی مامۆستا، کە کەوتبووەوە قسە، لەسەرێکەوە خۆشحاڵ و لەسەرێکی دیکەوە نیگەران بووین. خودایە، ئەم پیاوە کێوێك بوو لە ورەبەرزی و دەریایەك بوو لە هونەر و داهێنان..

هاورێ دڵ لەلاکەی، بەر لەوەی ماڵئاوایی بکەین، بە مامۆستای وت:

-خەریکە خەونی دێرینت دێتە دی و کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی..

ئەو وای وت و مامۆستا دەستی لەملی کردو دوای ماچێکی گەرمی، وتی:

-دەبێ وابێ. دەبێ کورد بەو ئامانجە بگات..

ئێمە ویستمان دوای ماڵئاوایی مامۆستا جێبهێڵین، هەرچەندە ویستیان بەرەو ژوورەوە بیبەنەوە، بەڵام توندوتوند دەستی عەولی گرتبوو بەری نەدەدا، تا دەرەوەی دەرگای ژوورەکە بەرۆیشتنە پڕ لە زەحمەتەکەیەوە لەگەڵماندا هات..

لە ژوورترازاین و لە ماڵ ئاوابووین. هاورێ و عەول لەناو ئوتومبیلەکەشدا هەر هەنسکی گریانیان دەبیستراو منیش بۆ دڵدانەوەی هەرسێکمان، رووکردە عەول و وتم (لەو دەنگە)...

ئیدی هەرسێ پێکەوە، بەشێ لە ئاوازەکەی مامۆستامان وتەوە.

**بۆیەك شەو لای دایە ئەم دێیە رێی ویلم بەیانی، خۆرهەڵات، سوار ئەبم جێی دێڵم**

پایزە باران لەو ئێوارەیەدا، جوانترین دیاری بوو بۆ سروشت، براکەی من و عەول وتی:

-با جامەکە بکەینەوە، گوناه نییە پیاو لای مامۆستا دلێر بووبێت و بۆنی بارانی پایز نەکات.

***

سەرنج:

-مامۆستا دلێر: ئەدیب و هونەرمەندی گەورە خالید دلێر

-عەول: هونەرمەندی ئازیز عەدنان کەریم (هەرچۆن هاوسەر و منداڵەکانی بانگی دەکەن)

-هاورێ: کاك تەحسین قادر

٢٠١١/١١/٢٨



## پشتێنێکی جلی کوردی کۆتایی بەژیانی قوتابیەک دەهێنێت

لەگەڕەکی موفتی شاری هەولێر قوتابیەکی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەدۆخینێکی جلی کوردیەوە خۆی هەڵدەواسێت و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت.

سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند «لەڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٥ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی کوشتن و تاوان ئاگادار دەکرێتەوە بەبوونی تەرمێك لەپەیمانگای پزیشکی دادی، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت تەرمێك هەیە بەناوی (ك.و) لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ پیشە قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، لەئەنجامی پشکنینی تەرمەکە دەرکەوتووە کە هیچ ئاسەواری لێدان نەبووە تەنیا ئاسەواری هەڵواسین هەبووە لەسەر ملی.

دوای چوونیان بۆشوێنی ڕووداوەکە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە پشتێنێکی جلی کوردی لەسەر محەجەرەی هەردوو نهۆمی خانووەکە هەبووە، لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی ئەنجامدراوە و بەدیار کەوتووە کە کەس لەماڵیان نەبووە باوکی لەسەفەر بووە خۆکوژ بەهەلی زانیوە کە کەس لەماڵ نییە خۆی شۆڕدەکاتەوەو خۆی دەخنکێنێت، بۆیە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بە وەرگرتنی وتەی دادخوازانی خۆکوژ بۆزانینی ڕووداوەکە.

## لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دەکوژرێت

گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵە لەشارۆچکەی کۆیە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە چەند فیشەکێکی لێدەدرێ و گیان لەدەست دەدات.

نەقیب کاروان لەڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر سەبارەت بەم ڕووداوە ڕایگەیاند: ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١٩ بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی کۆیە ئاگادار دەکرێتەوە بە بوونی زامدارێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەناوی (ك.ل) لەگەڕەکی کۆن و دەست بەجێ دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەو دوای لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە کە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە فیشەکێکی لێدراوە.

نەقیب کاروان وتیشی: دوای چەند خولەکێك زامدارەکە لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، دواتر پەڕاوەکەی ڕەوانەی دادوەرکراوەو ئەویش بڕیاریداوە بەئەنجامدان و پشکنین و هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە بۆ کۆشش کردن و ناسینی تاوانبار.

## ئافرەتێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت



ئافرەتێکی تەمەن ٢٤ ساڵ سکاڵا لەدژی هاوسەرەکەی بەرزدەکاتەوەو تاوانباری دەکات بەوەی توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێناوە، دواتریش لەماڵەوە دەری کردووە.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی ڕایگەیاندین: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٤، بەپێی نووسراوی پۆلیسی ناوشاری ڕۆژئاوا بەڕێوەبەرایەتی بەداواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بەنووسراوێکیان ئاگادار کراینەوە کە لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٠ئافرەتێك بەناوی (ئ.ی.ش) لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧ کەئافرەتی ماڵەوە، لەبنکەی پۆلیسی کوردستان ئامادەبووە بۆ ئەوەی سکاڵا توماربکات لەدژی هاوسەرەکەی بەناوی (د.ح.ع)، بەپێی وتەکانی (ئ.ی.ش) دوای ئەوەی کە هاوسەرەکەی توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێناوە دواتر لەماڵەوەش دەری کردووە، بۆیە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بە ئامادەکردنی تاوانبار بەپێی ماددەی (٧ی ژمارە ٨ساڵی ٢٠١١).

# لەبەر بەزۆر مارەبڕی کچەکەی سکاڵا بەرزدەکاتەوە لەدژی شوبراکەی



لەشاری هەولێر ئافرەتێکی تەمەن ٤٤ساڵ سکاڵا لەدژی شوبراکەی و کوڕی شوبراکەی بەرزدەکاتەوە و تاوانباریان دەکات بەوەی هەڕەشەیان لێیکردووە.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٤ ئافرەتێك بەناوی (ا،ع،م)ی تەمەن ٤٤ساڵ کە فەرمانبەرە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەلات، لەبنکەی پۆلیسی شادی سکاڵای بەرز کردۆتەوە لەدژی شوبراکەی بەناوی (ص،ح) و کوڕی شوبراکەی بەناوی (د.ص).
لە سکاڵاکەدا بەهەڕەشەکردن تاوانباریان دەکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە تاوانباران دەیانەوێت بەزۆر کچەکەی لەتاوانبار (د) مارە بکات. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند «دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بەئامادەکردنی تاوانباران بەپێی ماددەی (٤٣٢ ی یاسای سزاکان).

# منداڵێکی سێ مانگانە دەسووتێت

بەهۆی خراپ بەکارهێنانی کارەبا منداڵێکی تەمەن سێ مانگە لەنێو بێشکەکەیەوە دەسووتێت.
سەبارەت بەم ڕووداوە نەقیب کاروان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند: کاتژمێر (٩) بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٨ ئاگادارکراینەوە بەڕووداوێکی سووتان، کاتێك گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە دەرکەوت ئاگرەکە بەهۆی بوونی (هیتەرێکی کارەبایی)بووە، کە لەنزیك بێشکەیەکی منداڵان دانراوەو لەئەنجامدا بێشکەکە ئاگری گرتووە.
نەقیت کاروان ڕوونیشی کردەوە کە بێشکەکە منداڵێکی تەمەن (٣) مانگی تێدا بووە بەناوی (موهەند هیوا) کە سووتا و گیانی لە دەست دا.



# ئامۆزاکەی دەکوژێت خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات

لەژمارە ٨٥٦ گۆڤاری گۆڵان بڵاو کرایەوە گوایە تەرمێك لەکۆمەڵگەی شاویس فڕێدراوە، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١٧ پیاوێك بەناوی (ە،م،م) ئامۆزاکەی خۆی کوشتووە و ڕایکردووە، دوای ئەوەی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی هەولێر نەقیب کاروان بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند کە تاوانبار خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و ددانی بەتاوانەکەی ناوە، هەروەها چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکەشی ئاشکرا کردووە.

(ە،م،م) تەمەن ٢٩ ساڵە پیشەی فیتەرە و دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێسە، خێزاندارە خاوەن دوومنداڵە، لەگەڵ ئامۆزاکەی بەناوی (ف،ێ،م)ی تەمەن ٣٥ ساڵە دەبێتە شەڕیان لەئەنجامدا چەقۆیەکی لێدەدات و دەیکوژێت، سەرەتا (ە،م،) دوای ئەوەی ئامۆزاکەی گیانی لەدەستدەدا ڕایکرد، بەڵام دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات و ددان بەتاوانەکەی دادەنێت و دەڵێت «ئامۆزاکەم چەندینجار دەهاتە لام لەدوکانەکەم لەناوچەی پیشەسازی بەشاهێدی هەموو دوکاندارەکان سووکایەتی پێدەکردم، هەڕەشەی لێدەکردم، پارەی لێم وەردەگرت، منیش هیچ نەمدەویست تووشی کێشە بین هەرچی دەویست پێم دەدا، چونکە دەمزانی ئەو لایەنی دەروونی تەواو نییە.

(ە،م،م) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ڕووداوەکە کاتژمێر ٧ ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١٧ ڕوویدا، کاتژمێر٣ی نیوەڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم وەڵامم نەدایەوەو فەرامۆشم کرد، دوای ئەوە لەگەڵ برادەران بۆ خواردنەوە چووینە پشت بازگەی مەسیف ئەویش لەوێ بوو، ئیتر من سەرخۆش بووم گوتم دەگەڕێمەوە ماڵ، ئەو گوتی منیش لەگەڵت دێم لەڕێگا لەلای دوکانێك گوتی من لێرە دادەبەزم وا پێدەچوو بۆ شەڕ بچێتە دووکانەکە ئەو دابەزی من چاوەڕێم نەکرد و فەرامۆشم کرد گەڕامەوە ماڵ دەرگاکانی ماڵەوەم داخست و دەست و دەموچاوم دەشووشت ویستم بچمە ژوورەوە لەدەرگای داو بەژوورەوە کەوت و دەستیکرد بەجنێودان و قسەی ناشرین لەوکاتە خێزانەکەم گوتی




کاکە(ف) وامەکە مێردەکەم سەرخۆشە با دراوسێیەکان تێنەگەن لەو کاتە من نەمزانی ئەو سەرخۆشە یان نا چووە دەرەوە دەستی کرد بەجنێودان بەدایکم و خوشکم منیش گوێم پیێ نەدا چوومە ژوورەوە لەدەرەوە هاواری کرد وتی: وەرە دەرەوە دەبێت لەگەڵ تۆ ئەو بابەتە ساغ بکەمەوە منیش وتم چی ساغ دەکەیتەوە؟ گوتی تۆ بۆچی قسە بەمن دەڵێی جنێو دەدەی، لەوکاتە گوتم تۆ قسە بەمن دەڵێی پارەشم پێدای، بەڵام تۆ بەس بڕۆ واز لەئێمە بێنە سڵاو لەئێمە مەکە. وتی لەسەر تۆ فەرزە پارەم پێبدەی من لەوکاتەش سەرخۆش بووم، بەڵام زۆر دانم بەخۆم گرت و بەسەر خۆم زاڵ بووم لەو کاتە ئامۆزاکەم هاتە ژووورەوە دەرگاکەی داخست و لەدواوە شیشیدا هیتەریکی کارەبا لەوێ بوو لەقەیەکی لەهیتەرەکە دا، منیش گوتم چییە ئەوە کاکە شێت بووی بۆوا دەکەی؟

(ە،م،م) هەروەها دەڵێ: دوای ئەم قسانە هێرشی کردە سەرم و چەقۆیەکی ڕەش و گەورەی پێبوو دەریهێنا لەو کاتە خێزانەکەم دەستیکرد بەهات و هاوار و لەهۆش خۆی چوو، چەقۆیەکەی ئاراستەی من کرد ویستی لێمبدات منیش بەدەست چەقۆیەکەم گرت ڕووی چەقۆیەکەم سوڕاندەوە، ئەویش هەر بەهەموو هێزی هەوڵی دەدا چەقۆیەکە ئاراستەی من بکاتەوە، لەو کاتە زۆر بەهێز چەقۆیەکەم بۆ خۆی سوڕاندەوە بەر سنگی خۆی کەوت و خوێنی لێهات ئیتر لەو کاتە وازی هێنا ڕۆیشتەوە دەرەوە هەر جنێوی دەدا برینەکەشی خوێنی لێدەهات، بەڵام هیچ کێشەیەکی نەبوو دوای سەعات و نیوێك کە هەواڵی ئەوەم بۆ هات مردووە منیش خێزانەکەم و منداڵەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم بۆ حاجی ئۆمەران ماڵی خەزوورم، خۆشم چوومە شوێنێکی نادیار لەلای پ.ك.ك، دوای ئەوە پێیان گوتم وەرەوە خۆت ڕادەستی پۆلیس بکە هەڵوێستت باشتر دەبێت، چونکە من زۆر پەشیمانم و هەرگیز مەبەستی کوشتنی ئەوم نەبووە، تەنیا بۆ پارێزگاری کردن لەخۆم ویستم چەقۆیەکەی لێوەربگرم و لەخۆمی دوور بخەمەوە».

سەبارەت بەم کێشەیە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند کە تاوانبار خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و دانی بەتاوانەکەی ناوە و دوای لێکۆڵینەوە دادوەر بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عیراقی بڕیای بەندکردنی تاوانباری داو ئێستا لەزیندانە.



# ئاگاداربە لەدووركەوتنەوەی مێردەكەت..

گرنگترین فاكتەر كە هۆكارێكی سەرەكییە كاتێك ئەو دوو ڕەگەزە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن لێك تێنەگەیشتوون و بەبێ حاڵیبوون ئەم بڕیارە دەدەن. هۆكارێكی زۆر بەربڵاو كە لەكەناڵ و ڕاگەیاندنەكان بانگێشتی ئەوە دەكرێت كە گوایە سەرژمێری ژنان كراوە و پیاوان ئەوەندەیان ژن بەردەكەوێت وەك شوانێك كە چەند مەڕێكی بخرێتە بەردەست و پیاوانیش بەهەڵی دەزانن ژنی بەلاشیان دەستكەوێت و وا دەزانن ئەم ژنە جۆرێكی ترە جیاوازە لە ژنەكەی خۆی. كاتێك ئەو خێزانە منداڵیان دەبێت پیاو منداڵەكان بەهی خۆی دادەنێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك خۆی ماندوو ناكات لەگەڵیان، ژن بە بەرپرسی یەكەم دادەنێ لە پەروەردەیان و هەموو ماندووبوونەكە بۆ ژن بەجێدەهێڵێت و ژن سەرقاڵ دەبێت و پیاو تەنیا بیر لە ڕابواردنی خۆی دەكاتەوە و پەنا دەبات بۆ ژنێكی تر. ژن بەهۆی سەرقاڵییەوە ڕووخساری خۆی فەرامۆش دەكات و ئەوەش هۆكارێكە بۆ بێزاری پیاو بۆ نموونە جارێك پیاوێك بۆ ژن دەگەڕێت، لێم پرسی ژنت هەیە؟ وتی بەڵێ ژنم هەیە، بەڵام سەیارەم كڕیوە ڕووخساری ژنەكەم بۆ پێشی سەیارەكەم ناگونجێت بۆیە ژن دەهێنم.

ژن زۆرجار ناتوانێت مامەڵەیەكی گونجاو لەگەڵ دەروونی پیاوەكەیدا بەئەنجام بگەیەنێت، پیاوانیش دەیانەوێت هەڵسوكەوتی ژنەكانیان بە ویستی ئەوان بێت (ئەم هۆكارەش) لە ئەنجامی توێژینەوەیەكی نوێدا دەركەوتووە كە (جولیا سمیس) لەزانكۆی میامی لەئەمریكا ئەنجامیداوە. هەروەها هەندێ هۆكاری دیكە هەن كە لە دراماكان و بنكەكانی كاركردنەوە سەر هەڵدەدەن بەناوی یەكسانی و مافی ژنانەوە ئەمەش وایكردووە ژن تەنیا وەك جەستەیەك سەیر بكرێت، ئەم هۆكارانە دەبنە هۆی پێشێلكردنی مافەكانی ژن نەك بەدەستهێنانی مافەكانیان. هۆكارێكی بنەڕەتی كە لە كۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدەن كە هانی پیاو دەدەن لە ژنەكەی دوور بكەوێتەوەو بەجێی بهێڵێ بەبیانووی ئەوەی كە گوایە تۆ ژنیت و دوای ژن دەكەویت، دەبێتە هۆی بێزاربوونی پیاوەكە لە خێزانەكەی ئەوانەش بەپلەی یەكەم بەندن بە ئەزموونەكانی خێزانەوە.

**ئامادەكردنی: محەمەد ئەحمەد**

# چۆن بە بەردەوامیی هاوسەرگیرییەكەت دەپارێزیت؟

سەركەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و بەردەوامبوونی خێزان، پێوەندییەكی توندوتۆڵی بە ستراكتۆر و ئامانجەكانییەوە هەیە، ئەم ستراكتۆرو ئامانجانەش بەپێی كۆمەڵ و شارستانییەتەكان گۆڕانی بەسەردادێت، هەروەها سەركەوتنی هاوسەرێتیش واتای جیاواز وەردەگرێت، ئەویش بەپێی جیاوازی كۆمەڵ و چین و توێژەكان لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دیكە. ئەو هاوسەرێتییە كە لەكۆمەڵگەیەكی ڕۆتیندا بەسەركەوتوو دادەنرێت، ڕەنگە لەكۆمەڵگەیەكی كراوەو ئازادیخوازدا بە سەركەوتوو نەژمێردرێت.

لەكۆمەڵگەی سەرەتاییدا جیاوازە، بە بەراوردكردن لەگەڵ كۆمەڵگەی شارستانیدا. هاوسەرێتی سەركەوتوو لەكۆمەڵگەیەكی كشتوكاڵیشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ كۆمەڵگەیەكی پیشەسازیدا. زۆر لەزاناكانی كۆمەڵناسی لێكۆڵینەوەیان ئەنجامداوە بۆ دیاریكردنی بنەماكانی هاوسەرێتی سەركەوتوو كە دیارە لەمبارەیەوە جیاوازی لە دیدگا و بۆچوونەكانیاندا بەدیدەكرێت كە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترینیان.

هاوسەرێتی سەركەوتوو بەوە دەناسرێتەوە كە سیمای بەردەوامیی پێوە دیارەو دیاردەكانی هەڵوەشان و بەجێهێشتن و جیابوونەوەی تێدا بەدی ناكرێت، پێوەری بەردەوامی یەكێكە لە پێوەرە گرنگەكانی سەركەوتنی هاوسەرێتی، بەڵام مەرج نییە هەموو پێوەرەكان بێت، چونكە دەیان و سەدان ژن و پیاو هەن كە لەژیانی هاوسەرێتیاندا سەركەوتوو نین و بەردەوامیش لەژیانی هاوسەرێتیاندا لەگەڵ زۆر كێشەو ئاژاوەو نائارامیدا كە ڕۆژانە دێنە ڕێییان و ناتوانن چارەسەریان بكەن، كەچی لەیەكتری جیاش نابنەوە. بۆیە ناكرێت بەردەوامی خێزان بەهاوسەرێتی سەركەوتوو بژمێردرێت.

هەندێك لەهۆیەكانی جیانەبوونەوە و بەردەوامی هاوسەرگیری بریتین لە: لێبووردن و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان. بە ئەركی سەرشان زانینی مانەوەیان لەبەر ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی خۆشەویستی هەردوولا و دەوروبەر، كە ئەمانە گرنگترین داخوازیی گشتیین. بەرژەوەندی و داهاتووی منداڵەكان. پەسەندكردنی دەنگی جیابوونەوە لەلایەن دەنگی گشتییەوە. ڕێگە نەدانی ئایین و دەوروبەر بە ژن كە جیابوونەوە هەڵبژێرێت. هەروەها كاریگەری چەمكی نەنگەو عەیبەی بنەماڵە بەرامبەر بە وشەی تەڵاق و جیابوونەوە.

بەپێی ئەم لێكۆڵینەوەیە خێزانی سەركەوتوو دەبێت بۆ گەشەكردن و گەڵاڵە بوون و پەرەسەندنی كەسایەتی ژن و پیاو كار بكات و لەودا هەردووكیان بواری گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەكانیان بۆ بڕەخسێ، كە هەردوولایان توانا و بەهرەكانیان پەرە پێبدەن. ئاشكرایە خێزانی جێگیر و ئارام كە لەسەر هاوسەرێتی سەركەوتوو بونیاد نرابێت و تەبایی و ئاسوودەیی تێدا بێت، دەبێتە هۆی ئارامی كەسایەتی و پەرەدان بەتوانا و بەهرەی ئەندامانی.

**ئامادەكردنی: ئاشتی عەبدوڵا**

